یەکەمین زانکۆی کوردی

www.ekuni.net

# زانکۆی خوێندنی ئەوروپی

The University of European Studies

بە هەوڵ و کۆششی دەستەیەك لە پرۆفیسۆرو ئەکادیمیانی خاوەن پلەی زانستی باڵا یەکەمین زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین هاتە ئاراوە، ئەم هەوڵەش لە چوارچێوەی پرۆژەی دامەزراندی لقێکی ئەوروپی سەرەکی تایبەت بە فێرکردنی باڵایە کە زمانی کوردی کۆڵەکەی سەرەکی و یەکەمییەتی و هاوکات تۆکمەیە بەو دەستە زمانە سەرەکیانەی لەئەوروپادا بۆ خویندن بەکار دێت.

ئەم کارە فراوانەش لە چوارچێوەی ڕێسایەکی دەسگائامێز هاتۆتە بنیاتنان و بە پرۆتۆکۆلێکی یاسایی وەك لقێکی خوێندنی ئەوروپی سەرەکی تایبەت بە فێرکردنی باڵا دامەزراوە. خوێندن لەم زانکۆیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی بەزمانی کوردیە و وەهەر ئەم زمانەش کۆڵەکەی یەکەم و بنەڕتییەتی ئەم هەوڵە دەسگائامێزە بە شێوەیەکی وا هانراوەتە ئاراوە کە بۆی بکرێت لەتێکرای وڵاتانی ئەوروپاشدا بە شێوەیەکی فەرمی دانپیاندراو بێت.

## زانکۆی خوێندنی ئەوروپی وەک زانکۆیەکی ئەوروپی کوردستانی

زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین بەشێکە لە تۆڕی فراوانی جیهانئامێزی زانکۆی خوێندنی ئەوروپی USEM-The University of European Study- کە لە 07:10:1992 لەژێرئامارەی فەرمی -Md 2009 USEM)) تۆمار کراوە، تۆڕی زانکۆی خوێندنی ئەوروپیUSEM وەك بنکەی سەرەکی یان لق و سێنتراڵ یان قوتابی یان چالاکییە زانستییەکانی لە چەندین ولاتانی جیهانی هەیە وەك :وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرا و فرەنسا و سوێد و بلجیکا و روسیا و ئۆکرانیا و مۆلداڤیا و ڕۆمانیا و چەندین وڵاتی دیکە ئەم زانکۆیە لەم وڵاتە ئەوروپی و ڕۆژئاواییانە بەگشتی بەپێی ئەو پرۆتۆکۆلانە دامەزراوە کە تیایدا بە شێوەیەکی تۆکمەوتوند ڕەچاوی پاراستنی ستروکتووری زانستی و بەرزبردنی ئاستی فێرخواز بێت. ئەم چالاکیانەی تۆڕی زانکۆی خوێندنی ئەوروپییەش لە چوارچێوەی یان هاوشان لەگەڵ زانکۆ هەرە بەرزەکانی جیهانەوە کارە زانستییەکانی خۆی گەڵاڵە دەکات ئەمەش هەر لە چالاکی خوێندنەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کارکردن لە بواری لێکۆڵینەوە قوولەکان وەك بنکە زانستییە هاوبەش و هاوکارەکەی لە دەسگای زانکۆی ئۆکسفۆرد University of Oxford ی ئینگلتەرا و بە بنکە سەرەکییەکەیەوە کە لە جوارچێوەی دەسگای زانکۆی کالیفۆرنیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. جگە لەمانە دەسگای گشتی زانکۆی خوێندنی ئەوروپی گەلێك چالاکی دیکەی کاری هاوبەشی خستۆتەگەڕ لەگەڵ گەلێك لە پەیمانگە و زانکۆکانی دیکەی جیهانی کە بەزانکۆو پەیمانگەی هاوکارئامێز دەناسرێن لە بواری فێرکردن و ڕاهێنان و کاری زانستی باڵا لەگەڵ زانکۆی خوێندنی ئەوروپی وەك Moldo-German Institute لە ئەڵمانیا و زانکۆ جیهانییەکانی وەکUniversity of Naple لە ئیتاڵیاو University of Dresden لە ئەڵمانیا و -Capodostria University Athen لە یۆنان.

زانکۆی خوێندنی ئەوروپی و دانپیانی جیهانی:

بۆ زیاتر سەرخستنی ئەم هەوڵە لە چوارچێوەی دانپێدانان و بەشێوەیەکی فەرمی بە ستروکتووری زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین ئەوا لە سەر بنەمای پرۆتۆکۆلبەستنی

یاساییەوە توانراوە لە لایەن چەند وڵاتێکی ئەوروپی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەوە بۆ کارئاسانی مافئامێزی بۆ بڕەخسێندرێت هەروەها ساناکاری سەرەکی بۆ کارە زانستییەکانی بکرێت ئەمانەو جگە لە سود وەرگرتن لە بەرکارکردنی ئەو پەرەگرافە یاساییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەردەست خراوە.

لێرەوەش ئەم هەنگاوانە مافگیری هەلی فێرکردن و ڕاهێنانی زانستی دەبێت دواتریش بەردەست کردنی ئەو هەلانەی کە بەخشینی ئەو بڕوانامە باڵایانە بەخۆوە دەگرێت کە شێوەیەکی فەرمی دانپیانراو و باوەرپێکراوی هەبێت لە سەرتاسەری ولاتانی ئەوروپا یان هاوشێوە باوەرپێکراو بێت لە ئەو ولاتانەی پیادەی میتۆد و سیستەمی زانستی ئەوروپی دەکات یان ڕێچکەبەری شێوازی ڕێسا زانستیەکانیانە. بەم شیوەیەو بەگوێرەی تۆماری پرۆتۆکۆلیکی دەوڵتی لەلایەن سەرۆکای دەستەی باڵای تۆڕی کاری زانستی ( The University of European Study -USEM-) یەوە ئەوا (زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین) بەپێی پرۆتۆکۆلی فەرمی لە ژێرMD 0032251 لە 30 September 2005 وەک لقێکی سەرەکی لە تۆڕی فراوانی جیهانئامێزی (زانکۆی خوێندنی ئەوروپی USEM) دانیپێدانراوە و بەشێکە لەم تۆڕە زانستییە فراوانە و بە فەرمی وەك زانکۆیەکی ئەوروپی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت و لەڕووی کاری زانستی و پەیوەندی و ڕاهێنان پرۆتۆکۆلبەستن وەك زانکۆیەکی ئەوروپی نێودەوڵەتی دانیپێدەنرێت و بە فەرمی هاوخانە دەبێت لەگەڵ لقە سەرەکییەکانی دیکەی نێو تۆڕی زانکۆی خوێندنی ئەوروپیدا وەک فرەنسا و سوێد وتێکرای لقە سەرەکییەکانی دیکەی بە شێوەیەك کەوا بڕوانامەی زانستی دەرچوونی قوتابیش بە هەماهەنگی و هاوکاری و هاوبەشی هەردوو بەشی زانکۆکە: (USEM- The University of European Study- و کە سێنترالّی زانکۆکەیە و زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین EKUNI) کە بەشێکە لێی بێتە بەخشین.

بۆ تۆکمەتر کردنی ئەم کارەو زیاتر دانان و مافئامێزی لە چوارچێوەی بەرکارکردنی پنتی ئەو پەرەگرافە یاساییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەردەست خراوە کاری زۆری پیرۆز بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژە زانستییە بەرزە کراوە، بۆ نمونە پنتی تایبەت بە بەرێسا زانستییەکانی وڵاتی ئەڵمانیا فێدەراڵی بە فەرمی و ڤەکری یاریدەدەرە لە ڕوخسەتی چالاکی فێرکردن و ڕاهینانی زانکۆی لە شێوازی ناброو بەم شێوەیە پنتی تایبەت بە رێسا زانستییەکانی ولاتی ئەڵمانیا فێدراڵی بە ئاماژەی فەرمی و ڤەکری لە 27. 9. 2005 لەژێرکۆدی H A 3 وەزارەتی کاری زانستی و لێکۆلینەوەی ئەلمانیا بێسنوورداری بۆ خانەی لقی سەرەکی ئەم زانکۆیە وەک سێنترالێك ڕەخساندووە ئەمەش لە ڕێگەی بەرکارخستنی گشتئامێزی پنتی پەرەگرافی یاسایی (§34a) ی وەزارەتی کاری زانستی ئەڵمانیای فیدەرالەوەیە، ئەو پەرەگرافەی کە تایبەتە بە چالاکی خوێندنی باڵا لەچوارچێوەی زمان و کولتووری دیکەدا، پنتی ئەم پەرەگرافە یاساییەش لە بەرلینی پایتەختی ئەلمانیای فیدرال گشتئامێزی بۆ کراوە، کە لە سێبەریدا دان بە بڕوانامەکان دەهێنێت لە سێبەری ئەو کولتوورو زمان و ڕۆشەنبیریانەی دیکەدا کەهاتونەتە ئاراوەو تا بتوانن بەرکار بن بۆ کاری زانستی و کاری ڕۆژانە بۆ نمونە هەڵگری تیتلی دکتۆر مافئامێز بێت و بۆی هەبێت لە چوارچێوەی پەرەگرافی ناوبراو بۆ کاری زانستی تێتلەکەی بەکار بهێنێت هاوکات سێنتراڵی زانکۆی خوێندنی ئەوروپی نێودەوڵەتی مۆلداڤیاش ئەرکی ڕەخساندنی دواترین میتۆدی خویندنی نوێی ئەوروپی و ناساندنی تازەترین بابەتی زانستی و ئەزموونی خۆ بنیاتناناوی لە ئەستۆ گرتووە هەروەها بەشێوەیەکی سەرەکی و فەرمی ئەرکی بەخشینی بڕوانامەکانی

گرتۆتە ئەستۆ بە هەماهەنگی سەرەکی زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین کە هاوخانەی زانکۆکانە لە تۆڕی زانکۆی خوێندنی ئەوروپیدا ئەم کارەش دوای کۆنترۆڵکردنی ڕاددەی توانستی زانستی قوتابێیەوە دەبێت بە هاوکاری و هەماهەنگی و بەرپرسیارییەتی ڕۆژهەلاتناس لەپاڵ ئەکادێمیك و پرۆفیسۆرە کوردەکان کە سەر بە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلینن بە شێوەیەك کەوا بڕوانامەکانیان نەك هەر تەنها بەشێوەیەکی فەرمی و نێو دەوڵەتی باوەڕپێکراو بێت بەڵکو شیاوی ئەرکی زانستی بەرزیش بێت و هەنگاوێك بێت بەرەو ئایندەیەك کەوا بەشێك لە بونیاتە زانستییەکانی ئەوروپا بە کوردستان ببەستێتەوە، بێگومان ئەم بڕوانامە بەخشینەش دوای خوێندنی چەندین ساڵە وڕاهینانی تەواوی قوتابیە بە میتۆدی تازە و هاوچەرخ و دواتریش تاقیکردنەوەی بە زنجیرەیەك لە ئەزموون و پاشانیش دانان بە پلەی توانستی قوتابییە ئەمەشیان لە حاڵەتی ئەوەی قوتابیەکە بە تەواوی شیاوی دەرچوون و وەرگرتنی پلە زانستیەکە بێت.

## مەبەست و ئامانج لە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین

مەبەست دامەزراندنی هەر زانکۆیەك چەند ئامانجێکی ڕوونی تایبەت بەخۆی هەیە بە هەمان شێوە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لقی بەرلین پاریس ئامانجی هەرە سەرەکی خۆی ئامانجێکی زانستییەو دوورە مەبەستی ماددی. ئەم ئامانجێە زانستییە سەرەکییانەی زانکۆی ئەوروپی لقی بەرلین پاریس لە چەند خالێکی بنەرەتیدا کۆدەبێتەوە کە هەرە گرینگترینیان ئەوەیە ئەم دەسگا باوەڕپێکراوە هەنگاوێکی زانستی تۆکمەو توندو ڕاست بێت بەرەو گەشپێدانی قوتابی کاری لێکۆلیینەوی زانستی بۆ ئەوەی کادیرێکی لێهاتووی لێدەرچێت کە سوودی لە بونیاتەکانی پێکهاتەی ئەوروپی وەرگرتبووبێت بۆ تۆکمە وبەهێزکردنی ئەو توانستەی کە هەیەتی و بکرێت ئەم توانستە لە دوارۆژدا بۆ چەندین پرۆژەی زانستی لە نێوان کوردستان و ئەوروپا بخرێتە کار یان ئەم کادیرە زانستییە بتوانێت کارئاسانییەکی دیار دروست بکات لە نێوان هەردوو لادا هەروەها ڕاستەوخۆ بتوانێت شارەزایی زانستی خۆی بۆ کاری گەشەسەندن و پەرەپێدان لە دەسگا زانستییەکانی جێگەیەکی وەك کوردستان بخاتە کار بەشێوەیەك ئەم چالاکییەی ئەم کادیرە دواتر شیاوی ئەرکی زانستی بەرزتر بێت و هەنگاوێکی خەمخۆر بێت بەرەو ئایندەیەك بەشێوەیەك بەشێك لە بونیاتە زانستییە بە سوودەکانی ئەوروپا بە کوردستانەوە بگەیەنێت زیاتریش بەرەو کۆمەگای مەدەنی ببات و سوود لەو ڕووە ژیارییەی ئەوروپاش تا ئەو پەڕی پێویست وەربگرێت.

## شێوازی خوێندن

شێوازی خوێندن لە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لە ڕێگەی نامە گۆڕینەوە نییە

بەگوێرەی بنەما بنەرەتییکانی پرۆتۆکۆلی دامەزراندنی زانکۆی خوێندنی ئەوروپی و ئەو پرنسیبانەی پەیرەوی دەکات لە میکانیزمی خوێندن و فێربوون و ڕاهێنان ئەوا دەبێت قوتابی بەر لە هەر شتێک بە وردی ئاگاداری ئەوە بێت کەوا چالاکی خوێندن لەدەسگای زانکۆی خوێندنی ئەوروپی لە ڕێگەی نامە گۆڕینەوە نییە هەروەها لە ڕێگەی ئینتەرنێت نییە وهەروەها لە ڕێگەی کەناڵە ناڕاستەوخۆکانی دێکە نییە بەلکو چالاکی و میکانیزمی خوێندن و فێربوون و ڕاهێنان لەدەسگای زانکۆی خوێندنی ئەوروپیدا بەشێوەیەکی کۆنکرێتانە لەڕێگەی ڕاستەوخۆی مامۆستا و قوتابییەویە.

پێوستە لەسەر قوتابی فێرخواز لە رێگەی ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ لەو وانانەی ئەو زانستەی کە هەڵبیبژاردووە لە بەشەکانی ئەو کۆلێژانەی کە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی بە ڕێککەوتن لە گەڵ چەندیین زانکۆی جیا جیای ئەرووپیدا هێناویەتیە ئاراوە یان دواتر لە گەڵ چەندیین داسگاو زانکۆی دیکەشدا دەیهێنێتە ئاراوە بێت.

هەروەها بۆ پەرەپێدانی زیاتر لە هەر بەشێك لە بەشەکانی کۆلێژەکانی زانکۆی خوێندنی ئەوروپی کودستانی ئەوا لەپاڵ ئامادەبوون مەرجە لە سەر هەر قوتابییێك پەیوەندی لەگەڵ مامۆستای فێرکار یان سەرپەرشتیار ببەستێت بەهەموو ئەو شێوازانەی کە دەکرێت ببێت بە کەنالێکی برەودار بۆ وەرگرتنی هەمو زانیارییەك بۆ گەشەپێدانی زانستی بەکاربێت، بە گوێرەی قوتابیانی پلەی ماستەر و دکتۆراە و پۆست دکتۆراە ئەوا پابەند بوونیان بە مامۆستای سەرپەرشتیار ڕاستەوخۆ دەبێت.

## ڕەخسانی خوێندنی پلەکان لە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی

ڕەخسانی خوێندنی پلەکان بۆ فێرخوازان لە ئەورپا و ولاتانی دیکەی رۆژئاوادا جێگیر و نیشتەجێن و بۆ فێرخوازان لە کوردستاندا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: ڕەخسانی خوێندنی پلەکان لە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی بۆ ئەو فێرخوازانەی کە لە ئەورپا و ولاتانی دیکەی رۆژئاوادا جێگیر و نیشتەجێن.
لەکاتی ئێستادا خوێندنی هەر پلەیەك لە پلەکانی ماستەر و دکتۆراو پۆست دکتۆرا بۆ ئەو قوتابیانە کە لە ئەورپا و ولاتانی دیکەی رۆژئاوادا جێگیر و نیشتەجێن ڕەخساوە ئەمەش بە پێی مەرج و پێوەرە زانستییەکانی خۆی

دووەم: ڕەخسانی خوێندنی پلەکان لە زانکۆی خوێندنی ئەوروپی بۆ ئەو فێرخوازانەی کە لە کوردستاندا جێگیرن.
ڕەخسانی خوێندنی پلەکان بۆ ئەو فێرخوازانەی کە لە کوردستاندا جێگیرن دەکرێت بە سێ بەشەوە

بەشی یەکەم: خوێندنی پلەی دکتۆرا و پۆست دکتۆرا
بۆ تێکرای ئەو فێرخوازانەی کە لە کوردستاندا جێگیرن ئەوا خوێندنی پلەی دکتۆرا و پۆست دکتۆرا ڕەخساوە ئەمەش بە پێی مەرج و پێوەرە زانستییەکانی خۆی، بەم شێوەیە فێرخوازانی کوردیستانیش دەتوانن بۆ خوێندنی پلەی دکتۆرا و پۆست دکتۆرا کاغەزی داواکاری خۆیان بۆ ئەدرەسی زانکۆکە بنێرن.

بەشی دووەم: پلەی ماستەر
لەکاتی ئێستادا خوێندنی پلەی ماستەر بۆ ئەو فێرخوازانەی کە لە کوردستاندا جێگیرن ئەوا ئەویش هەر ڕەخساو نییە تەنهابۆ ئەو فێرخوازانە نە بێت کە بە حالەتی (هەڵاوژاردن) سکۆلارشیپ Scholarshipلە خودی زانکۆکەدا دەهێنە وەرگرتن کە ئەمەش بەشی چوارەمی ڕەخسانی خوێندنی ئەم پلانەیە.
بەشی سێیەم: ڕەخسانی دیکەی پلەی ماستەر

لەکاتی ئێستادا ئەوا وەک ئاماژەی بۆ کرا خوێندنی پلەی ماستەر تەنها بۆ ئەو فێرخوازانە ڕەخساوە کە لە ئەورپا و ولاتانی دیکەی ڕۆژئاوادا جێگیر و نیشتەجێن ئەم ڕەخسانەش بە پێی مەرج و پێوەرە زانستییەکانی خۆییەتی هاوکات بە گشتی خوێندنی هەمان پلە بۆ ئەو فێرخوازانە ڕخساو نییە کە لە دەرەوەی ئەورپا و ولاتانی دیکەی ڕۆژئاوادان.
بەڵام لەهەمان کاتدا کە خوێندنی پلەی ماستەر بۆ ئەو فێرخوازانە ڕخساو نییە کە لە دەرەوەی بازنەی ئەورپا و ولاتانی دیکەی ڕۆژئاوادان ئەوا خوێندنی ئەم پلەی ماستەرە ڕەخساوە بۆ ئەو فێرخوازانەی کە بە حالەتی (هەڵاوژاردن) سکۆلارشیپ **Scholarship-Stipendium**- منحە لە خودی زانکۆکەدا و بە شێوەیەکی زۆر سنووردار دەهێنە وەرگرتن ئەم حالەتەی هەڵاوژاردنی سکۆلارشیپ **Scholarship- Stipendium**- ش هەمشە پابەندە بە حالەتی هەڵاوژاردنێک لە سەر ئاستیکی زانستی دەهێنە وەرگرتن واتا بە واتایەکی دیکە ئەو فێرخوازانە هەمشە لە بەشی دەستەی باڵای زانستی هەڵاوژاردنەوە دینە دەستنیشانکردن پاشان دەهێنە وەرگرتن کە بێگومان بەشیوەیەکی ڕەها لەمەرجە سەرەکییەکاندایە کە ئەم کەسانەش لە ڕووی جیهانبینی پاشخانێکی قووڵ و دیاریان هەبێت یانەخۆ هەمیشە ماوەیەکی دوورو درێژیان لە بوارەکەی خۆیان بردبێتە سەر یان لە کاڵای ئاستێکی زانستی باڵا و ناسراودا بن و شارەزاییەکی بەرز و و قووڵ و بێهاوتایان هەبێت لە چالاکییەکانی بوارەکەی خۆیان یانەخۆ وەرگرتنیان بەپێی پێوەرە زانستییەکان بە کەڵکی ڕاستەوخۆ دەگەرێتەوە بۆ خودی زانکۆکە یا بۆ ئەو زانکۆیانەی کە لە گەڵ زانکۆی خوێندنی ئەورووپیدا کۆنتراکت و پرۆتۆکۆلی هاوکاری زانستیان هەبێت یانەخۆ پێشبینی ئەوە لە فێرخوازەکە بکرێت کەوا ڕاهێنان و وەرگرتنی بە سوودێکی دیار بۆ کۆمەڵگاکەی دەگەرێتەوە. بێگومان ئەم ڕەخسان وەرگرتنەش دیسانەوە مەرج و پێوەرە زانستییەکانی خۆی ڕەچاو دەکات.

هەر بۆیەش زۆر پێویستە لەسەر هەر فیرخوازێک بەر لەوەی کاغەزو دۆکۆمەنتەکانی خۆی ڕەوانەی ئەم زانکۆیە بکات زۆر بە وردی ڕەچاوی ئەم مەرجانەی سەرەوە بکات.

Address:
Post Address:
Ekuni
Post Box: 44**0233**
**12002** Berlin
Germany

E-Mail: *ekuni@web.de*

Tel: 0049 (0) 179 8 06 21 01